# وانەی ٨٨: عیسا دێتەوە!

## ئاشکراکردنی عیسای مەسیح ١٩–٢٢

ئەمڕۆ گەیشتینە وانەی هەشتاوهەشتەمین لە دیراسەتی بەپێی کاتی ڕوودانمان بۆ ووشەی خودا. وەك بینیمان، بۆ زیاتر لە چەن سەد ساڵێك، ڕۆحی خودا هانی زیاتر لە سی پێغەمبەر دا بەشی یەکەمی نووسراوە پیرۆزەکان بنووسن، ئەویش تەورات و زەبوورەکان و پەرتوکەکانی پێغەمبەرانە. بەشی یەکەمی پەرتوکی خودا پێی دەوترێ پەیمانی یەکەم. لەو بەشە هەموو پێغەمبەران هاوبەش بوون لە یەکە پەیام، پەیمانیان ڕاگەیاند کە خودا پیرۆز و ڕاستودرووستە و بۆیە دادوەری هەموو گوناهێك بکات. بەڵام، خودا هەروەها پڕە لە بەزەیی و نایەوێ نەوەکانی ئادەم لەناو بچن لە گوناهەکانیاندا. بۆیە بینیمان چۆن خودا و لەسەر زاری پێغەمبەرانی، بەڵێنی دا ڕزگاری دەرێك بنێرێ، مەسیح پیرۆز، ئەوەی وا لە پاکیزەیەك لەدایك دەبێت و ژیانێکی پیرۆز دەژی و پاشان خوێنی خۆی دەڕێژێ لەسەر خاچێك بۆ ئەوەی سزای گوناهەکانی نەوەکانی ئادەم بداتەوە. هەموو پێغەمبەرانی پەیمانی کۆن دەربارەی ئەم مەسیحەیان نووسی ئەوەی دەبوایە بهاتایە.

لە بەشی دووەمی نووسراوە پیرۆزەکان، پەیمانی نوێ، پەرتوکی ئینجیل، بینیمان کە ئەو کاتەی خودا پلانی بۆی دانا بوو هات، مەسیحی نارد، ڕزگاری دەری جیهان، هەروەك چۆن بەڵێنی دابوو لەسەر زاری پێغەمبەرانی. مەسیح عیسای ناسیرە بوو — تاکە کەسی تەواو کەوا لەسەر ژیاندا بێت. عیسا پڕ بوو لە هێزی خودا، لەبەر ئەوەی خۆی خودی ووشەی خودا بوو لە جەستەی مرۆڤێکدا. خودا دەربارەی ئەو ڕایگەیاند، (ئەمە کوڕی خۆشەویستمە، ئەوەی پێی دڵشادم!) (مەتا ٣: ١٨) بەڵام، مرۆڤەکان ئەو کەسە پیرۆزەیان کوشت بە لە خاچ دانی. بەڵام خودا هەڵیساندەوە بۆ ژیان لە ڕۆژی سێیەمدا. لەپاش ئەوەی عیسا بینرا لەلایەن کەسانێکی زۆرەوە، خودا بەرزی کردەوە بۆ بەرزترین شوێن لە ئاسمان. بەڵام چیرۆکەکە لەوێ کۆتایی نایات.

چیرۆکی سەرنج ڕاکێشی خودا بۆ ڕزگارکردن دەست پێك و کۆتای هەیە، ئەم جیهانە خراپەکارە هێشتا بۆ جاری کۆتایی عیسا نەبینیوە! ووشەی خودا پێمان دەڵێت کە پەروەردگار عیسا جارێکی تر دێتەوە بۆ ئەوەی شەیتان و فریشتە خراپەکانی فڕێ بداتە ناو ئاگر و نەوەکانی ئادەم دادوەری بکات لە ڕۆژی دوای و ئەم جیهانە کۆنە دووبارە درووست بکاتەوە. وانەی ئەمڕۆمان بەناوی (عیسا دێتەوە) یە.

لە دوایەمین پارچەی پەیمانی نوێ دەخوێنیەوە، لەو پەرتوکەی پێی دەوترێ ئاشکراکردنی عیسای مەسیح. ئاشکراکردنی عیسای مەسیح پەرتوکێکی بنچینەیی و بەهێزە، لەبەر ئەوەی ڕایدەگەێنێ چی ڕوو دەدات لە کۆتایی ڕۆژگاردا کاتێ ئەم جیهانەی ئێستامان کۆتایی پێ دێت. پەرتوکی ئاشکراکردنی عیسای مەسیح بیست و دوو بەشی هەیە، چەن بەشێك بانگەواز دەکات کەوا باوەڕداران سەرکەوتنێکی شکۆدارانە بەدەست دێنن. بەڵام بۆ ئەوانەی باوەڕ ناهێنن، ئەم بەشانەی تۆقاندنی مەزنی تێدایە، لەبەر ئەوەی پەرتوکی ئاشکراکردنی عیسای مەسیح ئاشکرای دەکات ئەگەر تۆ عیسای مەسیح ڕەت بکەیتەوە وەك ڕزگاری دەرت، ئەوا لە کۆتاییدا دەبێتە دادوەرت! ئەگەر بەرخی خودا قەبوڵ نەکەی، ئەوا ڕوو بە ڕووی شێری خودا دەبیەوە، لەبەر ئەوەی پەروەردگار عیسا، ئەوەی وەك بەرخی قوربانی مرد تاکو گوناە لاببات، دەگەڕێتەوە وەك شێرێکی باڵادەست بۆ ئەوەی دادوەری بکات! نووسراوە پیرۆزەکان باس لەوە دەکات کاتێ دەفەرموێ: لە کاتی ئاشکراکردنی عیسای خوداوەند لە ئاسمان لەگەڵ فریشتەکانی تواناکەی لە ئاگرێکی گڕدار. [٨] سزای ئەوانە دەدات کە خودا ناناسن و گوێڕایەڵی ئینجیلی عیسای خوداوەندمان نابن! (٢ تەسالۆنیکی ١: ٧، ٨)

ئێستاش با بەوریاییەوە بخوێنین لەو پارچە وەرگیراوانە لە پەرتوکی ئاشکراکردنی عیسای مەسیح. لەپاش ئەوەی پەروەردگار عیسا گەڕایەوە ئاسمان، فریشتەکەی نارد بۆ یۆحەنای نێردراو، بۆ ئەوەی ئەو ڕووداوانەی لە کۆتایی ڕۆژگاردا ڕوو دەدەن بۆ ئاشکرا بکات.

لە بەشی یەکەم، یۆحەنا نووسی: (ئاشکراکردنی عیسای مەسیح ١) [١] ئاشکراکردنی عیسای مەسیح کە خودا پێیداوە، تاکو ئەو شتانەی دەبێت زوو ڕووبدەن بە بەندەکانی پیشان بدات و دەریخست کە بە فریشتەکەی خۆی بۆ یۆحەنای بەندەی خۆی نارد، [٢] ئەوەی شایەتی دا بۆ وشەی خودا و بۆ شایەتی عیسای مەسیح - هەرچییەکی بینی. [٣] خۆزگە دەخوازرێ بەوەی وتەکانی ئەم پێشبینییە دەخوێنێتەوە و ئەوانەی دەیبیستن، ئەوەی تیایدا نووسراوە دەیپارێزن، چونکە کاتەکە نزیکە. [٤] یۆحەنا، بۆ حەوت کڵێساکەی ئاسیا: نیعمەت و ئاشتی بۆ ئێوە، لەوەی هەیە و هەبووە و دێت و لەو حەوت ڕۆحەی لەبەردەم تەختەکەی دانە... بۆ ئەوەی ئێمەی خۆش دەوێ و بە خوێنی خۆی ئازادی کردین لە گوناهەکانمان و [٦] ئێمەی کردە شانشین و کاهین بۆ خودای باوکی - - شکۆ و توانای تاهەتایی بۆ ئەوە! ئامین. [٧] ئەوەتا لەگەڵ هەوردا دێت و هەموو چاوێک دەیبینێت، ئەوانەش کە ڕمیان لێیداوە، هەموو خێڵەکانی زەویش شیوەنی بۆ دەگێڕن. بەڵێ، ئامین. [٨] خوداوەند، خودا دەفەرمووێ: (من ئەلف و یێم، ئەوەی هەیە و هەبووە و دێت، هەرە بە توانایە.)

لە بەشی نۆزدەهەم، یۆحەنا نووسیویەتی: (ئاشکراکردنی عیسای مەسیح ١٩) [١] پاش ئەمە گوێم لە دەنگێک بوو وەک حەشاماتێکی گەورە لە ئاسمان دەیووت: (هەلیلویا! ڕزگاری و شکۆ و هێز بۆ خودامانە، [٢] چونکە حوکمەکانی ڕاست و دادپەروەرن... پاشان گوێم لە دەنگێک بوو وەک دەنگی حەشاماتێک و وەک خوڕەی ئاوێکی زۆر و وەک دەنگی هەورەتریشقەی بەهێز بوو، دەیووت: (هەلیلویا! خودای پەروەردگارمان هەرە بە توانایە، حوکمڕانی کرد. (شانشینی جیهان بووە شانشینی خوداوەندمان و مەسیحەکەی، ئەویش تاهەتایە فەرمانڕەوایی دەکات! (ئاشکراکردنی عیسای مەسیح ١١: ١٥))

[١١] پاشان ئاسمانم بە کراوەیی بینی، ئەسپێکی سپیم بینی و سوارەکەی بە (دڵسۆز) و (ڕاستگۆ) ناودەبرا. بە دادپەروەری حوکم دەدات و دەجەنگێت. [١٢] چاوەکانی وەک گڕی ئاگر وابوون و ژمارەیەکی زۆر تاجی بە سەرەوەبوو، ناوێکی نووسراوی هەیە، خۆی نەبێت کەس نایزانێت. [١٣] کەوایەکی لە خوێن هەڵکێشراوی لەبەربوو، ئەو ناوەی پێی بانگ دەکرێ (وشەی خودا)یە. [١٤] سەربازیش لە ئاسماندا بە سواری ئەسپی سپی شوێنی دەکەوتن و کەتانی سپی پاکیان لەبەردا بوو. [١٥] لە دەمیەوە شمشێرێکی تیژ دەردەچوو، تاکو پێی لە نەتەوەکان بدات. {بە گۆپاڵێکی ئاسنین شوانەتییان دەکات.} گوشەری شەرابی تووڕەیی هەڵچووی خودای هەرە بە توانا دەگوشێت. [١٦] ناوێکی هەیە لەسەر کەوا و ڕانی نووسراوە: (پاشای پاشایان و گەورەی گەورەیان.)

(ئاشکراکردنی عیسای مەسیح ٢٠) [١] فریشتەیەکم بینی لە ئاسمانەوە دادەبەزی و کلیلی بیری بێبنی پێبوو، زنجیرێکی گەورەشی بەدەستەوە بوو. [٢] ئەژدیهاکەی دەستگیر کرد، مارە دێرینەکە کە ئیبلیس و شەیتانە، هەزار ساڵ بەستییەوە. [٣] فڕێیدایە بیری بێبن و دەرگای لەسەر داخست و مۆرێکی لێدا، تاکو ئیتر نەتەوەکان چەواشە نەکات، تاکو هەزار ساڵەکە تەواو دەبێت. پاش ئەمە دەبێت بۆ ماوەیەکی کەم ئازاد بکرێت. [٤] چەند تەختێکم بینی و ئەوانەی لەسەری دانیشتن دەسەڵاتی حوکمدانیان درایێ. هەروەها گیانی ئەوانەم بینی کە لەبەر شایەتی عیسا و لەبەر وشەی خودا سەربڕابوون... جا زیندووبوونەوە و هەزار ساڵ لەگەڵ مەسیحدا حوکمڕانییان کرد.

[٧] کاتێ هەزار ساڵەکە تەواو دەبێت شەیتان لە بەندیخانە ئازاد دەکرێت. [٨] دەردەچێت تاکو نەتەوەکانی چوارگۆشەی زەوی چەواشە بکات...تاکو بۆ جەنگ کۆیان بکاتەوە، ئەوانەی ژمارەیان وەک لمی دەریایە. [٩] سەرکەوتنە سەر پانتایی زەوی، ئۆردوگای پیرۆزکراوان، شارە خۆشەویستەکەیان گەمارۆ دا، جا ئاگرێک لە ئاسمانەوە هاتە خوارەوە و خواردیانی. [١٠] ئەو ئیبلیسەی چەواشەی دەکردن فڕێدرایە دەریاچەی ئاگر و گۆگرد، کە دڕندەکە و پێغەمبەرە درۆزنەکەی لێیە. شەو و ڕۆژ تاهەتایە ئازار دەدرێن.

[١١] پاشان تەختێکی گەورەی سپیم بینی و ئەوەی لەسەری دانیشتبوو. ئاسمان و زەوی لەبەر ڕووی هەڵاتبوون، هیچ شوێنیان نەدۆزرایەوە. [١٢] مردووەکانم بینی بە گەورە و بچووکەوە لەبەردەم تەختەکە ڕاوەستابوون و پەڕتووکەکان کرانەوە. پەڕتووکێکی دیکەش کە پەڕتووکی ژیانە کرابۆوە. مردووەکان بەگوێرەی کردەوەکانیان بەوەی لە پەڕتووکەکان نووسراوە حوکم دران. [١٣] دەریاش

مردووەکانی ناوخۆی ڕادەستکرد، هەروەها مردن و جیهانی مردووان مردووەکانی خۆیان دایەدەست و هەریەکە و بەگوێرەی کردەوەکانی حوکم درا. ١٤ مردن و جیهانی مردووان فڕێدرانە دەریاچەی ئاگرەکەوە. ئەم دەریاچەی ئاگرە مردنی دووەمە. ١٥ هەر کەسێک ناوی لە پەڕتووکی ژیاندا نەدۆزرایەوە نووسرابێت، فڕێدرایە دەریاچەی ئاگرەکە.

(ئاشکراکردنی عیسای مەسیح ٢١) ١ پاشان ئاسمانێکی نوێ و زەوییەکی نوێم بینی، چونکە ئاسمانی یەکەم و زەوی یەکەم بەسەرچوون، ئیتر دەریاش نەما...٣ گوێم لە دەنگێکی گەورە بوو لە تەختەکەوە فەرمووی: (ئەوەتا نشینگەی خودا لەگەڵ خەڵک، ئەویش لەگەڵیان نیشتەجێ دەبێت. ئەوانیش دەبنە گەلی ئەو، خودا خۆی لەگەڵیان دایە و دەبێتە خودایان. ٤ ئەویش هەموو فرمێسکێکی چاویان دەسڕێتەوە، ئیتر مردن نابێت، شیوەن و هاوار و ئازار نامێنن، چونکە شتەکانی پێشوو بەسەرچوون.) ٥ دانیشتووی سەر تەختەکە فەرمووی: (ئەوەتا هەموو شتێک نوێ دەکەمەوە.) هەروەها دەفەرمووێ: (بنووسە، چونکە ئەم وتانە متمانەدار و ڕاستن.) ٦ پاشان پێی فەرمووم: (ئەوا هاتە دی. من ئەلف و یێم، سەرەتا و کۆتاییم. لە کانی ئاوی ژیان بەخۆڕایی دەدەمە تینوو. ٧ ئەوەی سەربکەوێت ئەوانەی بە میرات بۆ دەمێنێتەوە، دەبمە خودای و ئەویش دەبێتە کوڕم. ٨ بەڵام ترسنۆکەکان و بێباوەڕان و قێزەوەنان، بکوژان و داوێنپیسان و جادووگەران، بتپەرستان و هەموو درۆزنان، بەشیان لە دەریاچەی بە ئاگر و گۆگرد داگیرساوە کە مردنی دووەمە.)

(ئاشکراکردنی عیسای مەسیح ٢٢) ١ پاشان فریشتەکە ڕووباری ئاوی ژیانی پیشاندام، پرشنگدار وەک کریستاڵ، لە تەختی خودا و بەرخەکە و ٢ بە ناوەڕاستی شەقامی شارەکەدا دەڕوات. لە هەردوو ڕۆخی ڕووبارەکەدا درەختی ژیان ڕوابوو کە دوازدە جۆر بەرهەم دەدات، هەر مانگێک بەرهەمی خۆی دەدات...٣ ئیتر هیچ نەفرەتێک نامێنێت. تەختی خودا و بەرخەکەش لەناو شارەکەدا دەبن، بەندەکانی خزمەتی دەکەن و ٤ ڕووی دەبینن و ناوی لەسەر نێوچەوانیانە. ٥ لەوێ شەو دانایەت و پێویستییان بە چرا و ڕووناکی خۆر نابێت، چونکە خوداوەند، خودا بەسەریاندا دەدرەوشێتەوە و تاهەتایە حوکمڕانی دەکەن. ٦ پاشان فریشتەکە پێیووتم: (ئەم وتانە متمانەدار و ڕاستن. خوداوەند، خودای ڕۆحی پێغەمبەران، فریشتەکەی خۆی نارد تاکو ئەو شتانە پیشانی بەندەکانی خۆی بدات کە دەبێت زوو ڕووبدەن.

**منم (عیسای مەسیح) پێتان دەڵێم:** ١٢ ئەوەتا بە پەلە دێم! پاداشتی خۆم پێیە، تاکو پاداشتی هەر کەسێک بەگوێرەی کارەکەی بدەمەوە. ١٣ من ئەلف و یێم، یەکەمین و دواهەمینم، سەرەتا و کۆتاییم. ١٤ خۆزگە دەخوازرێ بەوانەی جلەکانیان دەشۆن، تاکو مافیان لە درەختی ژیان هەبێت و لە دەرگاکانەوە بچنە ناو شارەکە. ١٥ ...هەموو درۆزن و ئەوانەی حەز لە درۆ دەکەن لە دەرەوە دەبن. ١٦ من عیسام، فریشتەکەی خۆم نارد تاکو بەم شتانە شایەتی بۆ کڵێساکان بدەم. من لە ڕەگ و نەوەی داودم، ئەستێرەی بەیانی پرشنگدار.) ١٧ ڕۆح و بووک دەفەرموون: (وەرە!) ئەوەی گوێی لێیە با بڵێت: (وەرە!) ئەوەی تینوویەتی با بێت، ئەوەی دەیەوێت با بەخۆڕایی ئاوی ژیان ببات.


١٨ شایەتی دەدەم بۆ هەموو ئەوانەی وشەکانی پێشبینی ئەم سیپارەیە دەبیستن: ئەگەر کەسێک بۆ ئەمانە زیاد بکات، خودا ئەو دەردانەی لەسەر زیاد دەکات کە لەم سیپارەیەدا نووسراوە. ١٩ ئەگەر کەسێکیش لە وشەکانی پێشبینی ئەم سیپارەیە بسڕێتەوە، خودا لە درەختی ژیان و لە شارە پیرۆزەکە بێبەشی دەکات، ئەوەی لەم سیپارەیەدا نووسراوە. ٢٠ شایەتی ئەمانە دەفەرمووێ: (بەڵێ، بە پەلە دێم.) ئامین! وەرە، عیسای خوداوەند. ٢١ نیعمەتی عیسای خوداوەند لەگەڵ هەمووتان بێت. ئامین.

بەو شێوەیە، خودا کۆتایی بە پەرتوکە دڵ ڕفێنەکەی هێنا و بەڵێنی دەدا کەوا پەروەردگار عیسا، ئەوەی کە نەوکانی ئادەم لە خاچیان دا، ڕۆژێك لە ڕۆژان دەگەڕێتەوە سەر زەوی. دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو کەسانە لەگەڵ خۆی ببات کە باوەڕیان پێی هەیە، و دادوەری ئەو کەسانە بکات کە باوەڕیان پێی نیە ! ئایا متمانەت هەیە کاتێ پەروەردگار عیسا دەگەڕێتەوە لە ئاسمان؟ ئایا لەنێو ئەو کەسانەی کەوا عیسایان وەك ڕزگاری دەر و پەروەردگار وەرگرت؟ لە دڵت باوەڕت هەیە کە خودا گوناهەکانتی خستە سەر پەروەردگار عیسای مەسیح، ئەوەی کەوا هیچ گوناهی ئەنجام نەداوە، تاکو لە ڕێگای ئەوەوە خودا بتوانێ بە ڕاستودرووستت بژمێرێ؟ ئایا ناوت نووسراوە

لە پەرتوکی ژیان؟ پەیوەندیت چیە لەگەڵ عیسای مەسیح؟ ئایا ئەو ڕزگاری دەرتە؟ یاخود دەبێت بە دادوەرت؟

ئایا ئامادەی گەڕانەوەی مەسیحی؟ ئەگەر ئەمڕۆ گوێت لە دەنگی خودا بوو، ئەوا دڵت ڕەق مەکە، لەبەر ئەوەی نووسراوی پیرۆز دەفەرمویٚ: (ڕۆژێک لەلای خوداوەند وەک هەزار ساڵە و هەزار ساڵیش وەک ڕۆژێکە. خوداوەند سەبارەت بە بەڵێنەکەی خاو نییە، وەک هەندێک بە خاوی دەزانن، بەڵام لەگەڵمان پشوو درێژە، نایەوێت کەس لەناوبچێت، بەڵکو هەموو بۆ تۆبەکردن بێن. بەڵام ڕۆژی خوداوەند وەک دز دێت، تیای‌دا بە دەنگێکی بەرز ئاسمان نامێنێت، بە سووتان توخمەکان لەناودەچن، زەوی و ئەو کارانەی تیای دایە نامێنێت!) (٢ پەترۆس ٣: ٨، ٩، ١٠) (ئێستایە کاتی پەسەندی خودا و ئێستایە ڕۆژی ڕزگاری!) (٢ کۆرنسۆس ٦: ٢) (جا ئێمە چۆن هەڵبێین ئەگەر ڕزگارییەکی گەورەی وەک ئەمە پشتگویٚ بخەین؟) (عیبرانیەکان ٢: ٣)

تا جاری داهاتوو، خودا بەرەکەتدارت بکات وەك چۆن دوایەمین ووشەکانی عیسات دێتەوە یاد لە نووسراوە پیرۆزەکان. پەروەردگار عیسای مەسیح فەرمووی: (بەڵێ، بە پەلە دێم!) (ئاشکراکردن ٢٢: ٢٠)



## گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. ئایا متمانەت هەیە کاتێ پەروەردگار عیسا دەگەڕێتەوە لە ئاسمان؟

٢. ئایا لەنێو ئەو کەسانەی کەوا عیسایان وەك ڕزگاری دەر و پەروەردگار وەرگرت؟

٣. لە دڵت باوەڕت هەیە کە خودا گوناهەکانتی خستە سەر پەروەردگار عیسای مەسیح، ئەوەی کەوا هیچ گوناهی ئەنجام نەداوە، تاکو لە ڕێگای ئەوەوە خودا بتوانێ بە ڕاستودرووستت بژمێرێ؟

٤. ئایا ناوت نووسراوە لە پەرتوکی ژیان؟

٥. پەیوەندیت چیە لەگەڵ عیسای مەسیح؟ ئایا ئەو ڕزگاری دەرتە؟ یاخود دەبێت بە دادوەرت؟

٦. ئایا ئامادەی گەڕانەوەی مەسیحی؟

**ڕێگای ڕاست و دروستی:**

**وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز**

(٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011

ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.

بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی

rrd2011@yahoo.com    www.rrdk.org